# رۆژنامەگەری و پرسی سیخوڕیکردن ؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

ناوی زۆرێك لەو پاڵەوان و بەناو شۆرشگێرانەی رابردوو کە تا دوێنێ کاراکتەری تەشریفاتیانەی سەر روپەری رۆژنامەکان بوون ئێستا ئیتر بوونە پاڵەوان و کاراکتەری ناو فایلەکان و دەرکەوت کە ئەوانە چ جۆرە پیشەسازیەکیان بەسەرەوە کراوە تا کراونەتە سیخوری چاك و چالاك بەسەر شەرەفی کوردو نیشتیمانەکەیانەوە، خۆشبەختانە ئەم کارەش دەسەلاَت و حیزب نەیکرد کە رەنگە ئەمە کاری دەزگایەکی پرۆفیشناڵی سیاسی و یاسایی و دەوڵەتی بێت نەك کاری رۆژنامەگەری وەك ئەم مۆدێلەی کوردستان، ناکرێت ئەو کاراکتەرە شەرانگێزوفێڵبازانەی کە بەحەق موخابەرات و ئەمن و ئیستخباراتی رژێم بوون لێیان ببورین، ئەوانە دەستیان سوورە بە دەیان کارەساتی هەڵچنراو بە زانیاریە رووزەردەکانی ئەوان، تەنانەت ئەوانە هەندێکیان زانیاریان لەسەر خۆشیان داوە بە رژێم کە بریتی بووە لە نەخشەی ژوورە فاخیرو خواردنە شاهانەو جل و بەرگە بادشایی و تەنانەت کورسیەکەی ژێریان کە کەوتۆتە کام زاویەوە، ئەم جۆرە کە شێوەیەکە لە نوکتەی سیخوڕیکردن بەسەر کوردەوە بۆ بەعسی شۆڤێنی کە ئەنفال و کیمیاییبارانی کردین مایەی کاڵفامی و جەهلی ساسی و هەژاری بیرکردنەوەمانە کە ئاوا لە خاکمان ئەروانین، کە بەراستی مایەی سەرسوڕمانە تا ئەو ئاستەی کە دەبێ دەسەلاَت وورپاکاتەوەو هەروا بێدەنگ نەبێت و دادگاییەکی عادیلانەیان بۆ گەرمکات و بە هیچ شێوەیەك نەبنە پشتگیریکاریان، ئێستا رۆژنامەکانی کوردستان سەرەتایەکیان دروستکردووە بۆ دادگاییکردنی ئەو خاوەن فایلانەی کە سیخورییان بەسەر کوردو شۆرشەکەیەوە کردووە و ئیدی دوای ئەم سەرەتای رۆژنامەیە نۆرەی حیزب و دەسەلاَتە کە درێژە بدات بەو سەرەتایەو پشتگیری رۆژنامەکان بکات و یارمەتیدەریان بێت لە تاودانی ئەم دادگاییکردنەدا بە هێنانە دەنگی سایتەکان و میدیاو تیڤییە فەزاییەکانیان کە شەوانە لەبەر بێ بەرنامەیی دەیان کلیپی سەقەتمان نیشان ئەدەن و میزاجمان ئەشێوێنن، دەسەلاَت ئەبێ بزانێت راستگۆیی لە خەتەردایەو نابێ وەك هەموو جارەکانی دیکە بە بیانووی ناسکی دۆخەکە لەم فایلچیە مۆدێرنانە ببورێ، چونکە ئەم لێبوردنەش بۆ خۆی مایەی گومان و قەلەقیەکی زۆری ئێمەیە بۆ ئەو دەسەلاَتەی کە زۆرێك لە خاوەن فایلەکان مەکانەت و پۆستیان هەیە لەم دەسەلاَتەدا،ئاخۆ ئەوانە بەراست کوڕی ئێمەن یان خیانەتکارو دوژمنی ئێمەن؟ ئەوانە بەراست فریشتەی نێو فایلەکانن و خۆمان رەوانەمان کردوون و رۆژنامەکان جاهیلن و نایزانن یان شتی دیکەیە!! ئایا بۆ جیایان ناکەنەوە تاوەکو ئێمەی رۆژنامەوان و خاوەنی رۆژنامەکان نەکەوینە بەر رق و نەشتەری دوژمنایەتی ئەوانەوە کە مومارەسەیەکی چاك و کۆنیان لەو بارەیەوە هەیەو رەنگە پشێوی گەورەی عەشائیریانەی لێ بکەوێتەوە؟ کێ شۆرش و حیزب ناردوێتی با بە نوسراوی رەسمی و بەیاننامەی مەکتەب سیاسی یان سەرۆکایەتی هەرێم و سکرتاریەتی حیزبییەوە بەرائەتیان دەربکەوێت و ئیعلانی بکەن و لەو سەر ئێشەیە رزگارمان بکەن و کێش سیخورە با بەو سیخوریەوە دادگایی بکەین و لێی خۆش نەبین تاوەکو سبەینێ هەر یەکێکیان گەزێ دەمی پان نەکاتەوە و بڵێ من فلان...!! ناردمی و بۆ خزمەتی کورد رۆشتم و یەکێکی دیکەش خۆی توورە بکات و خۆی بکاتە شۆرشگێری سپێشڵ و بڵێ بەڵگەنامەکان ساختەکاریان تێداکراوەو وانیەو من وابووم و ئەوە بووم و دەسەلاَتیش دواجار خەباتی سیخوریەکەیان بۆ بکاتە خزمەتی شۆرش و بە پلە و ئیمتیازی بەرزیشەوە خانەنشینیان بکات، ئەمە مەهزەلەیە مەهزەلە گەر رووبدات، بۆیە ئەم پرسە پرسێکی ئاڵۆزەو ناکرێت دەسەلاَتی کوردی بە بیانووی جۆراوجۆر پشتگوێی بخات و خۆی نەدات لە قەرەی.